# ریفراندۆم بۆ دەوڵەتی کوردستان
# بۆچی و کەی و چۆن بکرێت؟

مەهاباد قەرەداغی



شۆڕشەکانی کوردستان لە سەد ساڵی رابردوودا، گەر لە قۆناغەکانی سەرەتاشدا ئامانجی لاوەکیتر یان بچوکتری هەبووبێت، لە قۆناغی کۆتاییدا ئامانجە سەرەکییەکەی پێکەوەنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ بووە بۆ کورد و بۆ ئەم مەبەستەش رێوشوێنە یاساییەکەی ریفراندۆمە. سەربەخۆیی خەون نییە، مافە و ئامانجی هەر تاکێکی کورد بووە کە بەشداری شۆڕشەکانی کوردستانیان کردووە و لەو پێناوەشدا ژمارەی شەهید و قوربانییەکانانمان ئەوەندە زۆرن بەشی دامەزراندنی چەند دەوڵەتێک بکات نەک دانەیەک. ئەمە وەڵامی بۆچی گشتپرسی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بکرێت بە خۆمان و دەوروبەرمان دەداتەوە.

سەبارەت بە کەی و چۆن و وردەکارییەکانی بەرسڤەکانیان پێویستە بەرچاورۆشنانە و عەقڵانی و پلانبۆدانراو هەنگاوی بۆ بهاوێژین نەک هەڕەمەکی و سۆزمەندانە و بێ پلان. ئەگەر لە دۆخی دووەمدا، واتە هەڕەمەکی و سۆزمەندانە و بێ پلان گشتپرسی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بکرێت، ئەنجامەکەی بە پێچەوانەی ئامانجەکە دەبێت.

با پێمان وا نەبێت ریفراندۆم بۆ دەوڵەتی کوردستان تەنها بە (بەڵێ) وەڵام وەردەگرێتەوە. گەر واقیعبینانە لە بارودۆخی پەیوەندییە ئاڵۆزکاو و خراپەکانی نێوان حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی نێوخۆی باشووری کوردستان ڕابمێنین و تەماشایەکی بارودۆخی دەروونی خەڵک بکەین کە لە سایەی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و گەندەڵی و لێکەوتەکانییەوە، چۆن گرێگەلیکی بۆ دروست بووە و چۆن خەمۆکی باڵی بەسەردا کێشاوە، ئەوسا ئەگەری وەڵامی (نەخێر) یش بۆ ئەو گشتپرسییە بە دوور نازانین.

بۆ ئەوەی دڵنیا بین ئەنجامی ڕیفراندۆم لەگەڵ ئامانجی ریفراندۆمدا ڕاستەوانە دێتەوە و (بەڵێ) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، دەبێتە بەرسڤی زۆرینەی کۆمەڵی کوردستان، پێویستە لە کەشێکی بۆڕەخسێنراودا ئەنجام بدرێت. ئەوەندە بەس نییە کە پشتیوانی چەند دەوڵەتێکی بیانیمان هەبیت کە بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت (ئەمڕۆ) واژۆمان بۆ بکەن، بەڵکو پێویستە بە رادەی پێویست عەقڵ و دەروونی کورد خۆی ئامادە و تەیار بێت و مەودا و ماوەیەکی دوورتری بە روونی لێ دیار بێت.

ئەوە زۆر ڕوونە کە پەیوەندی کورد لەگەڵ سەرانی بەغدا ئێستاشی نییە نەک دوارۆژ، لە ڕابردووشدا ئەو پەیوەندییە پڕ لە هەڵە و پەڵە بووە و ئەوان هەمیشە بە چاوی ژێردەستە و سەردەستە هێڵەکانی ئەو پەیوەندییەیان کێشاوە و داڕشتووە. بەردەوامی لەگەڵ عێراقدا بۆ کورد، بە تایبەتی دوای ئەوەی کێشەکان گەیشتنە ئەو ئاستەی لە داهاتەکەی کە ١٧% ی مافی کوردستان بوو ببڕێت،

نەک هەر بێ ئاکامە، بەڵکو خۆکوژییەکی دەروونی بەکاوەخۆیە. کەواتە هەر چاریش نەماوە و کوردستان دەبێت جیابێتەوە لە عێراق و دەوڵەتی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەمەش بۆ ئەوەی یاسایی بێت و کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکانی لەگەڵدا بێت پێویستی بە ریفراندۆمە، بەڵام بۆ ئەوەی ریفراندۆمەکە بە (بەڵێ)یەکی بەهێز وەڵام وەربگرێتەوە  پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەین:

– زۆرینەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ناوخۆی باشووری کوردستان کۆک بن لەسەر پرەنسیپەکە و تەبا و هاودەنگ بن و بۆی تێبکۆشن.
– هەمووان ڕێکبکەون لەسەر سەرۆکێک بۆ ئەو دەوڵەتە و زۆرینەی هەرە زۆر پشتیوانی سەرۆکی دەوڵەتی تازەدامەزراوی کوردستان بن، بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە بەهێز و بەردەوام بێت.
– پەرلەمانی کوردستان کارا بێت و سەرۆکایەتی و ئەندامەکانی بۆ ئەو ئامانجە کار بکەن، نەک پەرلەمان مەیدانی سینگ دەرپەڕاندن و دەرخستنی ماسولکەکانی باڵ بێت، وەک پێش داخستنی  و لەم خولەدا وابوو!
– هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە شەڕی دیکەوە خەریک نەبیت، ئامادە و تەیار کرابێت بۆ ئەگەری پەلاماردانی دراوسێکان لە دۆخی ڕاگەیەندانی دەوڵەت.
– حکومەت بتوانێ هیچ نەبێ لایەنی کەمی خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات،  موچەوەرگرتن نەبێت بە هەواڵی میدیاکان، نەوت و داهاتەکانی روون بێت و ئەو هەموو قسە و باسە هەڵنەگرێت کە هەڵیگرتووە.
– کوردانی دەرەوەی وڵات هاودەنگ و هاوئاهەنگ لە ئەوروپا و ئەمەریکا بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی پەرلەمان و حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە، هاوتەریب لەگەڵ دیبلۆماتەکانی حکومەتی کوردستان بۆ ئەو ئامانجە تێبکۆشن.
– چاکسازی لە تیۆری بێتە دەرەوە و بکرێت بە پراکتیک، چ لە ئاستی حیزبەکان و چ لە ناو حکومەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ریفۆرم هاوتەریبی ریفراندۆم کاری جیدی بۆ بکرێت.
– میدیاکانی کوردستان بە بینراو و بیستراو و نووسراوەوە، هی هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان، پەیامیکی هاوسەنگ و روون و ڕێک و پێکیان بە ئاراستەی ئەو مەبەستە هەبێت کە ریفراندۆمی بۆ دەکرێت.
– ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، زیندوو ببنەوە و ئامانجەکانیان بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە یەکخەن و ئاراستە بکەن.

کە ئەم خاڵانەی سەرەوە بوون بە واقیعی سیاسی ئێمە، ریفراندۆم بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بە (بەڵێ)یەکی زۆر بەهێز بەرسڤ دەدرێتەوە و هیچ گومان لەوە ناکرێت کە ساڵانێک نابات وەک دەوڵەتی ئیسرائیل بەهێز و پێز بێت و لە هاوکیشەی سیاسەتی نێودەولەتیدا ژمارەیەکی سەنگین بێت.

لە ئێستادا ڕێک پێچەوانەی ئەو خاڵانەی سەرەوەمان بەدەستەوەیە، کەواتە با ترسی ئەوەشمان هەبێت، لەو هەلومەرجەدا ریفراندۆم کردن، بەرسڤی پێچەوانەی ئامانجەکەی هەبێت. خوانەخواستە گەر ئەوەش ڕوویدا لە مێژووی ئێمەدا دەبێتە شکستێکی زۆر گەورە کە لە گشتپرسیدا گەل دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەوێت! بۆ ئەوەی ئامانجی ریفراندۆم لەگەڵ ئەنجامەکەیدا راستەوانە بێت، تکایە با هەموومان، گەورە و بچوک، ژن و پیاو، پیر و لاو، زەمینە و زەمانی بۆ ساز بکەین و ئەو خاڵانە بە تیۆری نەمێنن و ببن بە کردار.

٢٠١٦-٨-١

هەولێر